# لەیادی {شەشەمین } سالڕۆژی کۆچی دوایی هونەرمەندی مەزن قادر دیلاندا

گۆران هەڵەبجەیی



<u>من و قادر دیلان و چەند دیدارێك</u>

بەر لەوەی شەپۆلەکانی کۆچی کوردان لە کەنارەکانی ولاَتانی ئەوروپاو ولاَتانی دیکەی جیهان بدەن و ببنە جالییەکی مەزن،بوونی کورد بەرلەو کۆچە بە لێشاوانە بوونێکی دەگمەن بوو.
ئەو کوردانەی بەر لەو زەمەنە لە هەندەران دەژیان بە تایبەتی لە پەنچاو شەستەکان و تاڕادەیەکیش لە هەفتاکاندا ژمارەیان زۆرکەم بوو، وە هۆکاری بوونیان لەو سەردەمەداتەنها خوێندن بوو.
ئیدی هەرکوردێک لەهەندەران بوایە نەک هەر خێزانەکەی بەڵکو سەرجەم شارەکەش شانازیان پێوەدەکرد، بەتایبەتی گەر شارەکە گچکە بووایەو خێزانەکەش ناسراوو .
قادر دیلان یەکێک بوو لەو کوردە دەگمەنانەی کە لە ساڵی 1962 دا بەمەبەستی خوێندن هاتە براغی پایتەختی چیك.
لە ناوەڕاستی هەفتاکاندا ئەو دەمەی لە سلەیمانی دەمخوێندلە ڕێگای ڕۆژنامەی{ بیری نوێ} وە هەندێک هەواڵ و زانیاریم سەبارەت بەو هونەرمەندە دەست کەوت کە لاپەڕەی ئەدەب و هونەردا کارو چالاکیە هونەرەیەکانی ئەوی بلاَو دەکردەوە.

ساڵی 1976 بۆیەکەم جارودواجار سەردانی کوردستانی کرد وە زۆر هەوڵمدا بیبینم گەر لە دووریشەوە بێت، دەچوومە ئەو جێگایانەی کە دەمزانی ئەو سەردانی دەکات، مەخابن خوازتەکەم نەهاتەدی.

وەلێ ئەوەی هەرگیز بەخەیاڵمدها نەدەهات ئەوەبوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان من بەدیداری ئەو مرۆڤە شادبم.
ساڵی 1981 بۆ خوێندن هاتمە هەنگاریا، کەواتە نیشتەجێ ی دراوسێ وڵاتی مامۆستا قادربووم.هەر ساڵێک دوواتر بەکارێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد{ناوەندی براغ} سەفەری{ براغ} م کرد، واتە ئەوبازێرەی کە مامۆستا دیلان لێی نیشتەجێ بوو.
ئەو سەفەرەم هەلێکی زێڕینی بۆ دیتنی مامۆستا قادر دەبوو لە دەستی نەدەم.
هەواڵیم لەو برادەرانە پرسی کەلایان بووم گووتیان دەیناسین و پەیوەندیشمان لەتەکیا خۆشە. یەکێک لەو برادەرانە کاروانی هاورێ کەریم ئەحمەدبوو ،گفتی دا کە سبەینێ بچینە لای.
ئەودەمە مامۆستاقادر لەڕادیۆی براغ بەشی عەرەبی وەک بەرپرسی کاروباری مووزيك كاريدەکرد.
بۆڕۆژی دووایی بەسواری ترام من و کاروان بەرەو ڕادیۆ وەڕێکەوتین، ترامەکە لەنزیک پارتمەنی وێزگەی ڕادیۆکەوەستا،بەپلیکانەکانی پارتمەنە چەندنهۆمیەکەدا سەرکەوتین ، چەندپلەیەکمان مابوو بگەینە دەروازە مەزنەکەی لەناکاو مرۆڤێکی سیما ڕۆژهەڵاتی لاوازی باڵابەرز بەرامبەرمان دەرکەوت، بەبزەوە لە ئێمەی دەڕوانی، لەکاروانم پرسی خۆیەتی؟ووتی بەڵێ.
پاش سڵاولەیەکدی کردن کاروان منی پێناسان.
هەرلەوێدا وابەخەیاڵمداهات کەمرۆڤێک ساڵانێکی درێژی تەمەنی لە ئەوروپا بەسەربردبیت،ناوبانگیشی لەم وڵاتە هەیە و مەکانەیەکی بۆخۆی پەیداکردووە،بێگومان ئێستا لەخۆگۆڕاوە و نەریتە کوەدەواریەکەیشی وونکردووە.بویە بەخۆمم ووت ئێستا بەسڵاوێکی ساردکۆتایی بە دیدارەکەمان دێنێت. بەڵام من بەهەڵەداچووبووم هەرلەیەکەم ساتدا دەرکەوت تابڵێی مرۆڤێکی سادە لەنەخدا ڕۆژهەڵاتی لە ڕەووشتدا بەرزوجوان لەهزروهۆشداکوردێکی پاك و دڵسۆز.
هەرسێکمان پێکرا چووینە کافێتریایەك نزیک بە ڕادیۆکە،لەوێ بەجۆرێک لەگەڵم دەدوا کەدەتگووت لەمێژە یەکتردەناسین.

چەند پرسیارێکی ئاراستەکردم وەک لەکەیەوە لە هەنگاریایت ؟بەنیازیت چ بخوێنیت؟پڕۆژەی داهاتووت چییە؟ تاد.
پاشن پرسی خەڵکی خ بازێریکیت؟ووتم هەڵەبجە ئەوجا ناوی چەند هەلەبجەییەکی هێنا کە ناسیاو و برادەری بوون،ئەوەشی باسکرد کە لەپەنجاکاندا لە هەڵەبجە چەندین چالاکی شانۆیی و مووزیکی لەوێ ئەنجام داوە،هاتەسەر باسی جوانی سرووشتی هەڵەبجەو دەشت و چیاکانی دەوروبەری کرد.پاش بەسەربردنی پتر لەکاتژمێرێک بە قسەو باسی هەستایە سەرپێ و بەگەرمی دەستی گووشیم وگووتی گەرەکە بگەرێمەوە سەرکار. کە هاتینە دەرەوە کاروان بە گلەییەوە ووتی ئەوەندە سەرقاڵی تۆبوو دەرفەت بۆمن نەما دووقسەی لەگەڵ بکەم.گووتم تۆ لێرەیت کەی بخوازیت دەیبینیت . ئەوە یەکەم دیدارم بوو لەگەڵ مامۆستا دیلاندا.
دیداری دووەم/
بەهاری ساڵی 1986کۆنفرانسی کۆمەلەی خوێندکارانی کورد{ناوەندی براغ}لە پۆڵۆنیا بەسترا. منیش وەک نوێنەری لقی هەنگاریا بەشدار بووم، جێی کۆنفرانسەکە لەدەرەوەی وارشۆ لە کەمپێکی حەوانەوەی خوێندکاران بوو، جێیەکی خۆش و دڵڕفێن لەنێو دارستانێکدا بوو.
بە گەشتنم بۆ شوێنەکە دیتم مامۆستا قادرلەتەک هاوڕێم فەهد گردەوانی نوێنەری سوید وکاک کاوە بێسارانی نوێنەری ئنگلتەرا پیاسەدەکەن،هەرکە نزیک بوومەووە بەر لە سلاو گووتی شارەزووری تۆش هاتیت؟ ووتم ئەرەوەڵا هاتم و لە خۆشی بەڕێزت هاتووم.سەیرلەوەدابوو بەر لە پێنج ساڵ تەنها بۆ چەند ساتێک یەکترمان دیبوو کەچی منی لەیاد مابوو.
ڕۆژانی کۆنفرانسەکە پاش کۆتایی کارەکانل لە شەودا هەموو لە جێیەک گرددەبووینەوە، ئیدی مامۆستا قادر کەمانچەکەی دەنا بەشانیەوەو جۆرەها ئاوازی کوردی خۆش و بەسۆزی بۆ دەژەنین، ئێمەش زۆربەمان دەبووینە کۆراڵ و بە یارمەتی ئەو گۆرانیەکانمان دەگووتەوە. زۆرجاریش کاک ڕزگار رەنجەرۆی هونەرمەندی دەنگخۆش نوێنەری لقی یۆگۆسلافیا بە گۆرانیە خۆشەکانی هێندەی دیکە دانیشتنەکەی خۆشتردەکرد.

سادەیی و بێفیزی و چالاک ی ئەو مرۆڤە منی تووشی سەرسوورمان کردبوو،ڕۆژەکانی کۆنفرانس هەڵس و کەوتی لەتەکماندا وەک برەدەرێک هاوتەمەنێک بوو، هەرگیز هەستمان بە جیاوازی تەمەن وپایەو بەهرە نەدەکرد ،ئەوەش مەزنی ئەو مرۆڤەی نیشاندەدا.

دیداری سێیەم/

هاوینی 88 لە شاری بەرلین کۆنگرەی یەکگرتنەوەی کۆمەڵە خوێندکاریەکان بەسترا.پتر لە 700 کەس لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاوە بەشداریان تێداکرد،هاوکات داوەتی چەندین کەسایەتی سیاسی، ڕووناکبیر،هونەرمەند ،نووسەرو ئەدیب ی کورد کرابوو لەوانە مامۆستا قادردیلان.

بەڵام بەهۆی کێشەی فیزەوە مامۆستا نەیتوانی بەشداریبکات،وەلێ بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی کۆنگرەکە کردزۆر کاریگەربوو کەتێیداهەست و سۆزو خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو یەکگرتنە دەربڕی بوو

ساڵێک دوای کۆنگرە لە هاوینی 1989دا لە شاری گراتسی نەمسا،کۆنگرەی یەکەمی پاش یەکگرتنەوە بەسترا.دیسان لەمەشدا هەندێک کەسایەتی تێیدا بەشداربوون لە نێویاندا قادردیلان.

کۆنگرەکە دووڕۆژو دووشەوی خایاند،هەردوو شەوەکە مامۆستا مۆمی مەجلیس بوو ئێمەش دەورمان لێدابوو.

ئەودووشەوە بێبەشی نەکردین لە چەندین ئاوازوگۆرانی و هەمووانی سەرمەستی هەواو نەواری ڕەسەنی کوردی کرد.

خوێندکارێکی باکووری بچوک لەپۆڵۆنیاوە سازێکی لەتەک خۆی هینابوو، ئەو سازی دەژەند و مامۆستاش گۆرانی دەچڕی.ئەو برادەرە شارەزاییەکی ئەوتۆی لە گەڵ ئاوازە سۆرانیەکاندا نەبوو بۆیە نەیدەتوانی با چاکی دەریان بێنێت ،جا مامۆستاس بە سەلیقەو ئەزموونی مووزیکی خۆی بە نمنمی دەنگ لە ماوەی خولەکێکدا ئاوازەکەی فێر گەنجەکە دەکرد.

ئەوانەی لەو کۆنگرەیەدا بەشداربوون و مامۆستایان ناسی لایان ئەستەمبوو پاش کۆتایی کۆنگرە هۆڵەکە جێبهێڵن.هەر بۆیە زۆرێک لەوانە یا ئەدرەسیان لێ وەردەگرت یا وێنەیان لەتەکدا دەگرت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وەک میوان داوەتکرابوو وەلێ چالاکانە لەگفتووگۆکاندا باشداری دەکرد وبە ئەزموونی کەڵەکەبووی چەندین سالەی بواری خوێندکاری سودی بە کۆنگرەکە دەگەیاند.
ئەوەی شایانی وەبیرهێنانەوەیە ئەوەیە کە کۆنگرەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب کۆتایی هات ،لەودەمەدا من چاوم لە مامۆستا قادر بوو کە هێندە هەستی کوردایەتی بەهێزبوو لەکاتی گووتنی سروودەکەدا فرمێسک بە چاوانیدا دەهاتە خوارێ بەجۆرێک فرمێسکەکانی کاری لەمنیش کرد ومنیش فرمێسکم بۆ فرمێسکە پاکەکانی ئەو ڕژاند.
لەکاتی ماڵئاوایدا بەبەشداری چەند کەسێکی دیکە وێنەیەکمان گرت و ووتم مامۆستا هیوادارم لە کۆنگرەی داهاتوودا بە یەکتربگەینەوە،بەبزەوە ووتی منیش هیوادارم. مخابن ئەوە یەکەم و دواکۆنگرەی پاش یەکگرتنەوە بوو کۆمەڵەکە هەڵوەشایەوە منیش دەرفەتی دیکەم بۆ هەڵنەکەوت مامۆستای تێدابببینم.باڵام لەڕێگەی میدیای کوردیەوە یاخود بەهۆی برادەرانی موززیک وانەوە لەوانە کاک نەجات ئەمین هەواڵیم دەزانی.
دەمێک هەواڵی کۆچی دووایم بیست من لای خۆمەوە پرسەم بۆدانا پرسەیەک کە هەرخۆم تێیدا بەشدار بووم ئەویش پرسەی دەروونی بوو.




لەڕاستەوە بۆ چەپ گۆران هەڵەبجەیی،بەرپرسی خوێندکارانی حسک، مامۆستا دیلان،سەعدی پیرە، فەوزی ئەتروشی{کۆننگرەی گراتس-نەمسا}
وێنەی دووەم/ مامۆستا قادر دیلان لەئێوارە پشووی کۆنگرەی گراتسدا.

## ژیاننامەی مامۆستا قادر دیلان

*قادر ئەحمەد دیلان لە 1928/5/24لە بازێڕی سلەیمانی لە گەرەکی گاوران لەدایک بووە،باوکی مەلا ئەحمەدی دیلان دەنگخۆشێکی ناسراوبووە.هاوکات حەمە ساڵح دیلانی براشی مەقامناسێکی بەتواناو دەنگخۆشێکی بەناوبانگ بووە.
*بەرلەوەی قوتابخانەی ئامادەیی کۆتایی پێبهێنێت توانی چەند ئامێرێک فێربێت لەوانە شمشاڵ نای ساکسفۆن عود کلارنێت لە پاشانیشدا کەمان،وەلێ ئەو وەک کلارنێت ژەن ناسرابوو خۆشی پتر ئارەزووی لەو ئامێرە بوو.
*ساڵی 1948 ئاوازی بۆ سرووودی نەورۆز [ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە] داناوە
*ئاوازی بۆ گۆرانیەکانی قژکاڵی لێو یاڵی،باخچەی پاشا،چاندی گەڕام لە شاران داناوە.
*ساڵی 1952 بۆ خوێنبن دەچێتە بەغداو لە کۆلیژی بازرگانی و ئابووری دەوام دەکات،وەلێ پاش دووساڵ خوێندن بەهۆی نەداری و دەستکوورتی خێزانەکەیەوە و هاوکات بە هۆی بەندکردنی حەمەساڵحی برایەوە دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە سلێمانی.
*بەهۆی زرنگی و توانایی لە بواری کلارنێتدا لەبەشی کوردی ڕادیۆی بەغدا وەردەگیرێت هاوزەمان وەک ئاوازدانەرێکیش لە سەرانسەری ئێراقدا ناوبانگ دەردەکات.
*ساڵی 1954 دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و بە فەرمانبەر لە {ئیدارە محەلی} دادەمەزرێت.
*ساڵی 1956 مامۆستا و چەند مۆزیکوانێکی دیکە تیپی[ دیلان] یان لە سلێمانی دامەزراند،پاشان لەسەر خواستی مامۆستا قادر ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ مەولەوی{بۆ ڕێزلێنان لە شاعیری گەورەی کورد مەولەوی}.دەستەی دامەزرێنەرانی تیپەکە ئەمانە بوون: قادر دیلان ،بەهجەت ڕەشید سەعاتچی،حاتەم سەعید، مامۆستا ولیەم یوحەنا،نەجاتی عەبدە،هادی عەنبەر، سەردار ڕەمزی، ئومێد مەدحەت، قالەی عەروس.
*بەرهەمە بەناوبانگەکانی تیپەکە لەو سەردەمەدا بریتی بوون لە:مەولەوی، سکاڵا،گەلاوێژ،فریشتە ،ڕاز،هەڵپەڕکێ،سرووودی کوردستان بەهەشتی زەمین،سرووودی نەورۆز،سرووودی بەهێزی مێشک و بازو تاد.

*مامۆستا قادر وێرای موزیک لە چەندین شانۆگەریشدا بەشداری کردووە،لەوانە:لەڕێی نیشتماندا1946،تاوانی چی بوو1951،مەم و زین 1958، هەروەها چەندین شانۆگەری لە شارەکانی وەک هەولێرو کۆیە بەمەبەستی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی لافاوەکەی سلێمانی ساڵی 1957.
مامۆستا قادر لە ساڵی 1958دا لە چەند شانۆگەریەکدا بەشداری کردووەکە لە شاری هەڵەبجە نمایشکراوون .

- *لە سەرەتای پەنجاکانەوە ساڵی جارێک ئاهەنگی لە نەخۆشخانەی سلێمانی سازکردووە،ئەویش بە مەبەستی یارمەتی دانی نەخۆشە هەژارەکان بووە،وێرای ئەمە بەیناو بەین لە قوتابخانەکاندا ئاهەنگی مۆسیقای سازکردووە ،وە داهاتەکەشی بۆ ئەوانەبووە کە دووچاری نەخۆشی سیل بووبوون.

*هەر لە پەنجاکاندا لە ڕۆژنامەی {ژین}ی نەمر پیرەمێردا وە لە لاپەڕەی هونەردا ستوونێکی تایبەتی هەبووە سەبارەت بە هونەری مۆسیقای کوردی.
*دەمێک لە ئەوروپا نیشتەجێ دەبێت لە گۆڤاری {کوردستان} ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بەردەوام بابەتی موزیک و نۆتەی بڵاو دەکردەوە.
* وەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێدا دیلان لەبەهاری 1962دا دەگاتە چیک وپاش ساڵێک خوێندنی زمان لە شارۆچکەی {میمۆن} لە دانیشگای کۆنسەرڤاتۆری کارلۆڤۆ وەردەگیرێت،لەبەر زرنگی و لێهاتوویی لە ساڵی 1967دا دەیکەنە ئەندامی لیژنەی وەرگرتن وتاقیکردنەوەی قوتابیانی بیانی.
پاشان لە وێستگەی براغ دادەمەزرێت هەر لەوێ هەندێک کاریان بۆ تۆمارکردلەوانە سرودی دەمی ڕاپەڕین،سیمفۆنیای مندالآن ، کاروانسەرا...تاد وە سەرجەم ئەو بەرهەمانە تیپی ئۆکسترای چیکۆسلۆڤاکی تۆماری کردوون.
*بۆ ماوەی 20 ساڵ مۆسیقای بۆ چیرۆکی مندالآن نووسیوە و هەموو یەکشەمەیەک لە نیوەڕۆدا بڵاو کراوەتەوە.ئەوەی سایانی ئاماژەیە لەم مۆسیقایانەدا تەنها مۆتیڤی کوردی بەکار دەهێناکە مەبەست لەوەش ئاشنا کردنی مندالآنی چیک بووە بە مووزیکی کوردی.

*لەپراگ لەتەک تیپی سیمفۆنیای ڕادیۆی براغ و تیپی سیمفۆنی ئۆپەرای سمیتانا کاری کردووە.
*ساڵی 1976 قەوانێکی بڵاوکردەوە کە هەردوو گۆرانی {جوانی بێ ناو} و{باران بارانە}ی لەخۆ گرتبوو،ئەو قەوانە لەسەر ئەرکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بڵاوکرایەوە.
*هەندێک بەرهەمی بڵاونەکراوەی هەیە وەک سرودێک بەشێوەی کۆراڵ بەنێوی ڕاچڵەکین لەهۆنراوەی مامۆستا عەبدولواحد نوری، ئۆپەرێتی گوڵی خوێناوی کە بە شێوەی ئۆپێرا دایڕشتووە و دەیان شاکاری دیکەش کە بە داخەوە مەرگ مەودای نەدا ئەو شاکارانە لەدایک بن.
*مامۆستای هونەرمەند دیلانی مرۆڤ دۆست دیلانی کورد پەروەر و پێشکەوتنخواز لە ڕۆژی 99/3/18 کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ بە نەخۆشی شێرپەنجە لە براغ ماڵئاوایی لێکردین و بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا.
بەر لە کۆچی دوایی ئەم وەسێتەی کردبوو { هەر ئەوەندە دەڵێم ئەگەر مردم بمبەنەوە وڵات ،هەر هیچ نەبێت خۆڵەمێشەکەم بگەیەننەوە کوردستان و قەت لە چاکەتان دەرناچم... ئێوەش هەربژین.} مخابن تا ئێستا ئەو وەسێتە بەجێ نەهێنراوە و لەوەش ناچێت بەجێ بهێنرێت، ئومێدەوارم لەئایندەدا خەمخۆران و بەرپرسانی بواری مۆزیک و فەرهەنگ لە کوردستان هەرهیچ نەبێت بەشی دووەمی وەسێتەکەی بەجێ بهێنن.
*دیلان دوومنداڵی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە، کوڕێک بەناوی ئارام کە لە بواری مووزیکدا کاردەکات وە کچێکیش بەنێوی بارونکە.
*ئەوە ماوەبڵێم کە مامۆستا قادر دیلان هەر وەک چۆن بە هونەر خزمەتی نەتەوەکەی کرەوە ئەوهاش بە سیاسەت درێخی نەکردووە ، هەر لە سەرەتای لاوێتیدا پەیوەندی بە حیزبی شوعیەوە هەبووە و تاکۆچی دواییشی ئەمەک دارمایەوە بۆ ئەو ڕێبازە.هاوکات چالاکانەش لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کاری کردووە.
وێرای ئەو بەرهەمانەی ئاماژەم پێدان مامۆستا دیلان چەند بەرهەمێکی دیکەی هەیە کە ئەمانەن:
-کاسێتێکی گۆرانی لەگەڵ ڕزگار ڕەنگەڕۆ.

- کاسێتێکی مووزیک لەلایەن ئەکادیمیای کوردی.
- کۆنسەرتی ڕادیۆی پەنجەرە لەگەڵ گۆرنی بێژ خالید ڕەشید.
- ئاوازی سکاڵا ، گەلاوێژ ، فریشتە، مەولەوی ، ڕاز لە ڕادیۆی بەغدا بڵاو کردوەتەوە.
- مۆسیقای بۆ فلیمێکی یۆنانی و یەکێکی عەرەبی داناوە.
لەبواری نووسیندا ئەم بابەتانەی نووسیوە:
*هونەرمەندی مێژوو لەبیرچوو دەروێش عەبدوڵا.
* پەندی پێشینان
*سروودی نیشتمانی {نامیلکە}
*لە یادی 30 ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا.

شایانی ئاماژەیە تا مامۆستا دیلان لە ژیاندابوو میدیای کوردی و ئێراقی بەردەوام بەسەریاندەکردەوەو گرنگیان پێدەدا ،ئیدی لە شێوەی دیدارو چاوپێکەوتندا بووبێت یا لە بابەتی هەڵسەنگاندنی کارەکانیدا یا لەشێوەی ڕێزلێناندا بوو بێت کە پتر لە 20 گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی و ئێراقی لە کوردستان و هەندەران دەربارەیان نووسیوە، بەتایبەتیش میدیاکانی حزبی شیوعی عێراق و کوردستانی.
هیوادارم لەدوای کۆچیشی لەیاد نەکرێت و بایەخ بەخۆیی و بەرهەمە هونەریەکانی بدرێت.

دوواووتە/ ئاشکرایە کە هەموو کارێکی ئیبداعی پتر لە ژینگەی خۆیدا خۆی دەبینێتەوە گەشەدەکات وبەردەوامیەت وەردەگرێت، بەتایبەتیش ، ئەو هونەرانەی پێویستی بەکاری دەستەجەمعی هەیە وەک دراما سینەما مووزیک وگۆرانی، بۆیە لەو ڕوانگەوە دەڵێم گەربهاتباو مامۆستا دیلان لە کوردستان بژیایە بێگومان خزمەتی پتری بە هونەری گۆرانی و مووزیکی کوردی دەکردو ئەرشیفی مووزیکی کوردی دەوڵەمەنتر دەکرد.چونکە لە کوردستان پێویستی و پێکهاتەکانی بواری مووزیک مەیسەرە، کەلە شاعیر موزیک ژەن گۆرانی بێژ

ودواتریش جمهوردا خۆی  دەبینێتەوە، کەدیارە ئەم پێداویستیانەلەو ژینگەیەی مامۆستای لێ دەژیابوونیان نەبووە.

سەرنج/ زۆر سوپاسی هاوڕێی هێژا کاک فەهد گردەوانی دەکەم بۆ ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە مامۆستای نەمر پێبەخشیم کە لە نووسینی فاکتاکەدا سوودم لێ بینین.

halabja@ofir.dk